ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

نۆتینگهام8-12-2006:

چالاکیەکانی تۆڕی پەنابەران لە نۆتینگهام

تۆڕی پەنابەران لە نۆتینگهام کە فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی ئەندامێکی چالاکیەتی، بەمەبەستی وەڵامدانەوە بە سیاسەتی پێشنیارکراوی دەوڵەتی بەریتانیا بۆ وەستاندنی سەرفکردنی بودجەی خوێندن و کۆرسەکانی زمانی ئینگلیزی کە تا ئێستا بێ بەرامبەر پێشکەشی داواکارانی مافی پەنابەری (ئەسالەم سیکەرس) دەکران، دەستی داوەتە بەڕێخستنی کۆمەڵێک چالاکی تا فشار بخاتە سەر دەوڵەت و بەتایبەتی " شورای خوێندن و بەهرەکان- لێرنینگ ئەند سکیلس کانسل) کە بەرپرسە لە سەرفکردن و چاودێری کردنی ئەو کۆرسانە تا دەست لەو پێشنیارە هەڵگرن کە بڕیارە لە مانگی 9ی ساڵی 2007 وە جێبەجێبکرێت.

تۆڕی ناوبراو لە دەستپێکی چالاکیەکانیدا ڕۆژی 06/11/14 کۆبوونەوەیەکی جەماوەری ڕێکخست کە نزیکەی 50 پەنابەر باشداریان تێداکرد و پێکەوە بڕیاریان دا کە هەوڵێکی هەمەلایەنە بخەنە گەڕ بۆ وەستاندنی ئەو سیاسەتە نا مرۆڤانەیە کە پەنابەران لە مافێکی سادەی وەک فێربوونی ئینگلیزی بێبەش دەکات و زیاتر لە کۆمەڵ دایاندەبڕێت، دواتر دوو کۆبوونەوەی ڕێکخستنی ئەنجامداو چەندین کاری وەک نووسینی نامە بۆ ئەندام پەرلەمان و یەکیەتیە کرێکاریەکان، فۆرمی ئیمزاکۆکردنەوە، پەیوەندی کردن بە میدیاوە، دەرکردنی بەیاننامە لەگەڵ دروستکردنی پلاکارتی خستە دەستوریەوە کە تا کاتی ڕێپێوان بۆ بەردەم ئۆفیسی شورای ناوبراو لە ڕۆژی هەینی 06/12/8 ئامەدەبکرێن. لەم پەیوەندەدا زۆربەی میدیا مەحەلیەکانی نۆتینگهام لەوانە ڕادیۆی بی بی سی، ترێنت ئێف ئێم، ڕۆژنامەی ئیڤنینگ پۆست چاوپێکەوتنیان لەگەڵ جاسم غفور وەک قسەکەری تۆڕەکە ئەنجامدا. جاسم غفور لەو چاوپێکەوتنانەدا ناوەڕۆکی سیاسەتی جیاکارانەو دژی پەنابەری دەوڵەتی ئیدانەکرد و وەک بەشێک لەزنجیرەی سیاسەتی نامرۆڤانەو دژی پەنابەری لە وولاتی بەریتانیا ناساند کە پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە، هەروەها تەئکیدی لەسەر درێژەدان بە خەبات تا هەڵوەشاندنەوەی ئەو پێشنیارەی کردەوە. دوێنێ شوارای ناوبراو پەیوەندی بە تۆڕی پەنابەرانەوە کردو داوای گفتوگۆ و دانیشتنیان لەگەڵ ڕێکخەرانی ڕێپێوانەکە کرد، بەڵام پێیان ڕاگەیەنرا کە پێشوەخت دانوستان ناکەن تا کاتی ڕێپێوانەکەو لەوێ دوو نوێنەر هەڵدەبژێرێت بۆ ئەو کارە.

ئەمەو تۆڕی پەنابەران بە ئامەدەییەکی باشەوە بەرە ڕێپێوانی ئەمڕۆ هەینی 06/12/8 کاتژمێر 12.30 هەنگاو دەنێت.

کۆبوونەوەکان لەلایەن جاسم غفورەوە بەڕێوەبران.

PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK. www.csdiraq.com

d.jamal@ntlworld.com **07856032991** **Burhan Fatah** burhanfatah@aol.com 07866757213

Office: 0161 234 2784 **Jasim Ghafur** jasm_rg@yahoo.co.uk 07877489626